**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر

**جوان محسن رشيد**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، پارێزگای هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق

Jwanmuhseen@gmail.com

**پ. ی. هدية محمد أحمد**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، پارێزگای هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق

hadeia.ahmed@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٣١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٥

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

*Primary School, Barriers, Learning Tools, Teacher, Subject of Geography*

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.7

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاریە لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، و زانینی جیاوازییان بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز، بروانامە)، توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی – جوگرافیا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێر، کە ژمارەیان (991) مامۆستا بوو بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی هەستا بە ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ مامۆستایان، پاش دڵنیابوون لە جێگیری پێوەرەکە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردن لەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە (150) مامۆستا، (62) نێر (88) مێ، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بە هەگبەی ئاماری توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامە ی کە بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولیر لە بابەتی جوگرافیادا لە ئاستێکی بەرزە، هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕاوی ڕەگەز، و جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05) بۆ گۆڕاوی بڕوانامە لە بەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی ماستەر بەسەرەوەیان هەیە.

## 1- ناساندنی توێژینەوە

### 1-1 پێشەکی:

لەم ساڵانەی دواییدا جیهان گەواهیدەری گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو تەکنیکی زانیارییە یەک لەدوای یەک و خێراکان بووە، وە کرانەوە بۆ کلتورە جیاوازەکان، ئەمەش وادەکات کە لێپرسراوانی دامەزراوە پەروەردەییەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ هەموو گۆڕاوەکانی جیهان، بۆ بەردەوام بوون لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و بەرەنگاریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ڕەوتە جیهانییەکان و سیاسەتی گەشەسەندنی فێرکردن، تەکنەلۆژیای مۆدێرن هەر ڕۆژە و بە شێوازێکی نوێتر دێتە ئاراوە، سیستەمی پەروەردەش پێویستە وەڵامی هەبێت، بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و گۆڕانکاری لەپرۆگرامەکان و شێوازەکانی خوێندن، بۆئەوەی لەگەڵ سروشت و تەکنیکەکانی ئەم سەردەمە گونجاو بێت، لە هەمانکاتدا هاوکار بێت بۆ گەیاندنی زانیاری و هزر و چەمکەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی و ئاسان بۆ گەیاندنی بە فێرخوازان، ببێتە هۆکاری گەیشتن بە ئامانجی پرۆسەی پەرەوەردەیی.

گرنگترین ئاراستە نوێیەکان لەبواری پەروەردە و فێرکرندا، بریتین لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕۆڵی مامۆستا و فێرخوازدا هاتووە، مامۆستا تەنها وەکو سەرچاوەی زانیاری و مەعریفە پێدان نەماوە، ئێستا ڕۆڵی مامۆستا بە هاندەری فێرکردن و ئاسانکار و هاندەری فێرخواز دادەنرێت بۆ گەڕان و بەدەستخستنی زانیاری، مامۆستا پشت بە هەوڵەکانی خۆی دەبەستێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مەعریفییە جۆراو جۆرەکان، هەروەها ڕۆڵی فێرخوازش بووە بە ڕۆڵیکی ناوەندی لە پرۆسەی پەروەردەدا، کەواتە فێرخواز بووە بەچەقی پرۆسەی فێرکردن، بێگومان ئامرازەکانی فێرکردن، بە تایبەتی ئامێرە نوێیەکانی وەکو کۆمپیوتەر بە نموونە، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی فێرکردن، کە هانی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێن بە دوای زانیاری ڕاست و دروستدا.

بەکارهێنـــانی ئامرازەکـــانی فێرکـــردن لە پرۆســـەی پەروەردە و فێرکردنـــدا، وای لە کۆمەڵگـــەکان کـــردووە سیســـتەمی پەروەردەی خۆیـــان پەرەپێبـــدەن و لە شـــێوازە کلاســـیکیەکان دوور بـــکەونەوە، لـــە هـــەمان کاتـــدا بیـــر لە شـــێوازی نـــوێ بـــکەنەوە، کە لەگەڵ پرۆســـەی پەرەپێـــدان بگونجێـــت، وەکـــو وەڵامێـــک بێـــت بـــۆ گۆڕانکـــارییە خێراکـــان، تـــا بەردەوامبـــین لەگەڵ پێشـــکەوتنەکانی جیهـــان، لەبەر ڕۆشـــنایی خواســـتێکی بەرز بـــۆ زانیـــاری و کـــارامەیی باشتر(clark, 2004, p23).

## 2-1 کێشەی توێژینەوە :

لەگـــەڵ تازەگـــەری و ئـــەو گۆڕانکارییـــە زۆرەی بەســـەر پـــەروەردە و فێرکردنـــدا هـــاتووە، لەگـــەڵ پێشـــکەوتنی تەکنـــەلۆژیا و تێگەیشـــتنی جیاجیـــا، لـــەم ســـەروبەندەدا وا هەســـت دەکرێـــت ئـــەرکی مامۆســـتا گرانتـــر بـــووە لـــە هـــەر قۆنـــاغێکی خوێندنـــدا بێـــت، پرۆســـەی فێرکـــردن و فێرکـــاری ڕووبـــەڕووی کۆمـــەڵێك گرفـــت و ئاســـتەنگ دەبێتـــەوە لـــە قۆناغـــە جیاوازەکـــانی خوێنـــدن، پرۆگرامـــەکانی خوێنـــدن بـــە گشـــتی و بابـــەتی جوگرافیـــا بـــە تایبـــەتی، ئـــەو مامۆســـتایانەی زیـــاتر پشـــت دەبەســـتن بـــە ڕێگـــە ئاســـاییەکانی وەکـــو ڕێگـــەی وتـــار، چونکـــە وا لـــە فێرخـــواز دەکـــات ببێتـــە تـــەوەری لاوەکـــی و بەشـــداری وانەکـــە نـــەکات، هـــەروەها پێشـــوازی لـــە زانیارییـــەکان بکـــات بـــەبێ تێگەیشـــتن، جگـــە لـــەوەش زۆرجـــار فێرخـــواز بیـــری لەســـەر وانەکـــە دەڕوات و تووشـــی بێـــزاری دەبێت.

بەشـــێکی زۆر لە بەربەســـتەکان پەیوەســـتە بە لایەنـــی دارایـــی و نەبـــوونی تەرخـــانکردنی بـــودجەیەکی تەواو بـــۆ بەردەســـتبوونی ئـــامرازی فێرکـــاری لە قوتابخانەکانـــدا، بەشـــێوەیەکی گشـــتی زۆرێـــک لە قوتابخانەکـــان ئـــامرازی فێرکـــاری تێـــدا نیـــیە، بەتـــایبەت ئـــامرازە فێرکـــارییە ئەلکترۆنییەکـــان، تەنـــانەت لە هەنـــدێک لە قوتابخانەکـــان ئـــامرازی فێرکـــاری ســـادە و ســـاکاریش بەردەست نەبووە.

تـــوێژەر تێبینـــی کـــردووە کـــە پرۆســـەی فێرکـــردن بەشـــیوەیەکی گشـــتی پێویســـتی بـــە بـــەکارهێنانی ئامرازەکـــانی فێرکردنـــە بەشـــێوەیەکی باشـــتر، مامۆســـتایانی بابـــەتی جوگرافیـــا شـــێوازی کلاســـیکی بـــەکاردەهێنن، کـــە دەبێتـــە هـــۆی پـــرش وبـــڵاوی هزرەکـــانی فێرخـــوازان، هـــەروەها

دەبێتە هۆی و بێزاری، لەگەڵ بایەخدان بە ئامرازەکانی فێرکردنی وەکو نەخشە و وێنە و وێنەکانی ناو کتێبی جوگرافیا، ئەمەش رەنگیداوەتەوە لەسەر فێرخوازان، لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، بیرۆکەی ئەم توێژینەوە سەریهەڵداوە بۆ ئاشکراکردنی ئەوبەربەستانەی دەکەوێتە پێش بەکارهێنانی ئامراز و ئامێرەکانی فێرکردن لە خوێندنی بابەتی جوگرافیا، لە قوناغی بنەڕەتییەکان و بەپێی تێروانینی مامۆستایانی شاری هەولێر و بەم شێوەیەش پرسیارەکان دارێژراون:

1- بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە؟

ایا جیاوازی هەیە لەبەربەستەکان کە ڕوبەڕوی مامۆستایانی جوگرافیا دەبنەوە لەبەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن لە بابەتی جوگرافیا بەهۆی جیاواز

## 3-1 گرنگی توێژینەوە:

بە سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا و توێژینەوە هاوشێوەکانی، بە زانینی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی لە چەند خاڵێکدا دیاریکردووە :

1- تیشك خستنەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دەبنە رێگر لەبەردەم بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکانی فێرکردن، هەروەها روونکردنەوەیان بۆ هەریەك لە مامۆستا و فێرخواز و کارگێری قوتابخانە، رۆڵی ئەم ئامێرانە لە خوێندنی بابەتی جوگرافیا بەپێی تێروانینی مامۆستاکانییەوە لە شاری هەولێر لەبەر رۆشنایی کۆمەڵێك لە گۆڕانکارییەکان.

2 - دەکرێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوکاربێت لەگەڵ هەوڵەکانی بەڕێوبەرایەتییەکانی پەروەردە و فێرکردن و پێشخستنی ئەدای مامۆستایان و تایبەتمەندیکردنی بابەتی جوگرافیا، بەتایبەتی بەرێگەی ئاشکراکردنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامراز و ئامێرەکانی فێرکردن و رۆڵیان لە شێوازەکانی خوێندن و زیادکردنی لێهاتووی سیستەمی فێرکردن.

1- لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن دەتوانن سوودی لێوەربگرن، لە ڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە، کە وێنەیەکی تەواویان دەخاتە بەردەست سەبارەت بە گرفتەکانی ئامرازەکانی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا، لەوێشەوە دەتوانن بڕیاری گونجاو بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و بەربەستانە.

2- سوود گەیاندن بە مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا، لەڕووی چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوەوە.

3- ئەم توێژینەوەیە بەدەنگەوەهاتنی ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکانی پیشوو بووە، کە داوایان کردووە توێژینەوەیەك لە بواری بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن ئەنجام بدرێت، کەمکردنەوەی ئەم کۆسپ و تەگەرانە لەناو پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا.

2- ی ( ڕەگەز، بڕوانامە)؟

## 4-1 گریمانەی توێژینەوە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوە، چەند گریمانەیەک دادەڕێژین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) بۆ زانینی ناوەندە ژمێری لە بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز ( نێر- مێ).

2- جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) بۆ زانینی ناوەندە ژمێری لە بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەسەر بنەمای جیاوازی بڕوانامە(دبلۆم-بەکالۆریۆس-ماستەر بەسەرەوە).

## 5-1 ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1- زانینی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر.

2- زانینــی ئــەو بەربەســتانەی ڕوبەڕوی مامۆســتایانی جوگرافیــا دەبــنەوە لە بەكــار هێنــانی ئــامرازی فێركــاری لە بــابەتی جوگرافیــادا لە ڕووی جیــاوازی (ڕەگەز، بڕوانامــە) لە قوتابخــانە بنەڕەتیەكانی شاری هەولێر.

### 6-1 سنوری توێژینەوە

توێژەر توێژینەوەكەی سنوردار كردووە لەم بوارانەی خوارەوە :

1- ســنوری مرۆیــی: بریتیــە لــە ســەرجەم مامۆســتایانی بابــەتی زانســتە كۆمەڵایەتیــەكان – جوگرافیــا لــە قۆنــاغی بنــەڕەتی، كە بە فەرمــی ســەر بە بەڕێــوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەنــدی هەولێرن.

2- ســنوری شــوێن: قوتابخــانە بنەڕەتیەكــانی پەروەردەی شــاری هەولێــر. قۆنــاغی بنەڕەتــی، بــریتییە لەو قۆنــاغەی لە پــۆلی یەكەمــی بنەڕەتــی دەســت پێــدەكات تــاكو پــۆلی نــۆیەمی بنەڕەتی.

3-سنوری كات: توێژینەوەكە جێبەجێ كراوە لە ساڵی خوێندنی (2021-2022) .

## 2- چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو

### 1-2 چوارچێوەی تیۆری

### 1-1-2 ئامرازی فێركاری

خوێنــدن تــەنها پەیوەســت نــەماوە بــە پێــدانێكی كلاســیكی، كــە مامۆســتا تــەوەرەی یەكــەم و كۆتاییــە لــەناو پرۆســەی زانســتی و فێركردنــدا، لەگــەڵ پشتبەســتن تــەنها بەیــەك هەســت ئــەویش هەســتی بیســتنە، خوێنــدن پــەلی هاوێشــت و هــەموو لایەنــەكانی گرتــەوە، بەتایبــەتی ئامرازەكــان كە ئەگــەری پێشخســتنی ئــەم ئامرازانــە بــۆ ئــەوەی هــەموو هەســتەكانی دیــكە بگرێتــەوە و ئــامێری بیســتن و بینــین بــەرز بــووەوە، هــەروەها بــووە هــۆی پێشــكەوتنێكی گــەورە لەتــەواوی بوارەكــانی ژیــانی ســەردەم تــا دەگاتــە پێداویســتییە نوێیــەكان، كاریگەرییــەكانی ئــەزموونی ســەدەی بیســت و یــەك بریتییــە لەپێشــكەوتنی شارســتانیەتی گــەورە لــە هــەموو بوارەكــانی ژیانــدا، لــە تــەكنولۆژیای پەیوەنــدی و ســەردەمی ئەنتــەرنێتی بــەرفراوان، كــە هــەموو ڕووەكانی ژیانی داپۆشیوە (نبهان، 2008، لا 16).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بواری ئامرازەکانی فێرکاری چەندین پێناســەی جۆراو جۆریان لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە یەکێك لەم پێناســانە دەڵێت: بەکۆی ئەو ئامراز و هۆکارانە دەگوترێت، کە لە چوارچێوەی پرۆســەی پەروەردە و فێرکردن بەکاردەهێنرێن و پشــتی پێ دەبەســترێت، کاریگەری گەورە لەســەر زیادکردنی ئاســتی فێربوون و ئارەزووی فێرکردن دروســت دەکات (همايســة، 1987، لا 123). لە ناســاندنێکی دیکە بۆ ئامرازەکانی فێرکاری، روونکراوەتەوە کە ئامرازەکانی فێرکردن ودەستنیشـانکراوەکانی فێرکاری، یان ئامێرەکانی فێرکردن شــتێکی نوێ نییە و کۆنە، بەقەد کۆنی پرۆســەی فێرکردن و فێرکاری، بەڵام تووشی راستکردنەوە و پێشکەوتن بووە، بۆئەوەی لەگەڵ پرۆسەی فێرکردن و فێرکاری گونجاو بێت (الكلوب، 1993، لا 19). یان بریتییە لە کۆمەڵێك ئامێر و کەرەستە کە لەلایەن مامۆستاوە بەکاردێت، بە مەبەستی پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و روونکردنەوەی واتا و بیرۆکەکان، لەگەڵ راهێنانی فێرخواز بۆ ئەوەی بەشــێوەیەکی خێراتر و بەهێزتر بگاتە راســتی زانســتی پەروەردەیی (الحيلة، 1998، لا 22)، وە ئامرازی فێرکاری هەموو ئەوئامرازو ئامێرانەیە مامۆستا بەکاریدەهێنێت، ئینجا ئەو ئامرازوئامێرانە بیستراو بن، یان بینیــــــراو، یاخود هەردووکیان بێت، بە ئـــــــامانجی زیــادکردنی کاریگەری پرۆســەی فێــرکردن(رسول، 2014،لا177).

بایەخدارانی دیارکردنی ناوی ئامرازەکانی فێرکردن، چەندین ناویان بۆ داناوە، وەکو ئامرازەکانی روونکردنەوە، ئامرازە بینراوەکان، ئامرازە بیستراوەکان، ئامرازەکانی بینراو و بیستراو، ئامرازە دەست نیشانکراوەکان، ئامرازەکانی فێرکردن، تا گەیشتە تەکنیکەکانی فێرکردن (السيد، 1997، لا 15).

بە ڕای توێژەر ئامرازەکانی فێرکردن بە چەمکی نوێ بریتییە لە بابەتەکانی خوێندن بە ئامێر و تەکنەلۆژیا و کەناڵەکانی گەیاندن، ئەوانەی زانیاری لە نێردەر دەگاتە وەرگر و بە چەمکی ســەردەم، هەروەها پلان و جێبەجێکردنیش لەخۆی دەگرێت، لەکاتێکدا ئامرازەکانی فێرکردن دەکرێت سێگۆشەی مەودا یان دوو مەودایی بێت، لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان.

### 2-1-1-1 گرنگی ئامرازی فێرکاری لە بواری پەروەردە و فێرکردندا

بەڕێوەبردنی پۆل بە یەکێك لە بنەماکانی پرۆســەی فێربوون و فێرکردن هەژمار دەکرێت، بەڕێوەبردنیش بەشــێکە لە زانســت و هونەر، ئەویش بەندە لەســەر شــێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازان (رسول، 2017، لا 43).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامرازەکانی فێرکردن بە بەشێکی گرنگ لە ئامێرە بەکارهاتووەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە هەژمار دەکرێن، کە ئامرازی ماددی و مەعنەوین و مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوە پەنای بۆ دەبات، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر ئاسانکردنی وانەکە بۆ فێرخوازان، رەوشی ناوخۆیی و دەرەکی و کارکردنی ناوخۆیی لە نێو قوتابخانەدا، یەکێکن لە سەرچاوەکانی ئامرازەکانی فێرکردنی ژینگەیی، ئامرازەکانی فێرکردن وا لەخوێندن دەکات زیاتر خێرا و تایبەتمەند بێت، بۆیە پێوستی مامۆستایان بەو ئامێرانە زیاتر دەکات، بابەتی خوێندنی باشتر بەرجەستە دەکات، لەگەڵ رەفتارکردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازانیش فەراهەم دەکات، پرۆسەی خوێندن دەکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام و سوود بە پەککەوتوانیش (کەمئەندامان) دەگەینێت و گەشە بەکارامەییەکانیان دەدات (صالح، 1985، لا 17).

گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن لە باشترکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، هەروەك (المصراتی، 1993، لا 76) و (نیعمت، 2012، لا 36) ئاماژەیان بە چەند خاڵێك کردووە لەوانە:

1- دەستپێوەگرتنی کات و کەمکردنەوەی ماندووبونی مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەدا.
2- راکێشانی سەرنجی فێرخواز بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن وبینین، کە لەنێوان دەنگ و وێنە و جوڵەدا کۆدەبنەوە، توانای راکێشانی سەرنجی فێرخوازانیان زیاترهەیە لەشێوەی کلاسیکی، کە ئامرازەکانی فێرکردن بەکارناهێنن.
3- لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەوە دەکرێت جۆرەکانی شارەزایی فێرکردن زیاتر بکرێت، کە مامۆستا ئامادەی دەکات بۆ فێرخوازان.
4- دەبێتە هۆی زیاتر بەشداری فێرخواز بە شێوەیەکی ئەرێنی لەوەرگرتنی شارەزایی و گەشەکردنی تواناکان، زیاتر تێبینیکردن و هزرکردنێکی زانستی بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان.

دەکرێت لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکارییەوە، جۆرەکانی پاداشتکردن زیاتر بکرێت.

### 2-1-2 رۆڵی مامۆستا لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری

ئامرازەکانی فێرکردن دەبنە هۆی پێشخستنی ئەدای مامۆستا، لە چوارچێوەی گۆڕین لە پلاندانانی کلاسیکی بۆ پلاندانانی سیستەماتیکی، لە گرنگیدانێکی زۆر و بەرێکوپێك کردنی پۆل لە خوێندنی

زارەکیەوە بۆ گرنگیدان بە فێربوونێکی چالاك و هاوکار و هاوبەش، ئاگەداربوون لەســـەر ئەوەی هەر فێرخوازەك ئامانجی پەروەردەیی خۆی بەدەست بێنێت (زیتون، 2003، لا 266).

دەبێ مامۆســـتا بۆخۆی دیاری بکات، کە مەبەســـتی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن لە هەر هەنگاوێك لە کاتی وتنەوەی وانەدا چییە، یەکەمجار پێویســـتە مامۆســـتا ئاگەداربێت، کە دەبێت فێرخوازان هەڵوێستێکی ئەرێنیان هەبێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە، وایان لێ بکات بەشداربن بە کۆمەڵ، یان تاك تاك لە ئامادەکردنی ئەم ئامێر و ئامرازانە و دەســـتنیشـــانکردنی، وەکو هەڵبژاردنی فیلمەکان، یان ســـەردانەکان، یاخوود کاری وێنەکردن و تابلۆ دروســـتکردن، ئەمەش هاوکارە بۆ وروژاندنی شارەزایی فێرخوازان لەکارە پێویستییەکان.

ڕای توێژەر لەســـەر ڕۆڵی مامۆســـتا لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری، لێرەدا تەنها بوونی ئامێر بەس نییە کە گەرەنتی سوود لێوەرگرتنی هەبێت، لەبەرئەوەی پێویستە مامۆستا شارەزا و توانای تایبەتی هەبێت بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامێر و ئامرازانە و جێبەجێکردنیان، وەکو تێگەیشـــتنی تەواو لە ڕۆڵی ئامرازەکانی فێرکردن و بەکارهێنانیان، مامۆســـتا پێویســـتی بەوەیە کە هەســـت بە پەیوەندی نێوان بابەتی خوێندن و ئامرازی فێرکاری بکات.

### 3-1-1-2 ڕۆڵی فێرخواز لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری

دەبێت مامۆستا و فێرخواز بە هاوبەشی ئامرازەکانی فێرکردن بەکاربهێنن، بۆئەوەی بگەن بە ئامانجی پەروەردەیی بە شـــێوەیەکی گشـــتی، چونکە گرنگی خۆیان هەیە لە دروســـتکردنی بیرۆکەیەک، کە فێرخواز جەوهەری پرۆســـەی فێرکردنە، چەند بنەما و بنەڕەت هەیە، کە دەکرێت بە دەســـت بێت بە ڕێگەی جێبەجێکردنەکانی پەروەردەیی بۆ ئامێرەکانی فێرکردن، پێویستە مامۆستا شارەزایی تەواوی لەســـەر ئامێر و ئامرازەکان هەنگاو بە هەنگاو هەبێت، بڕوای تەوایش بەخۆی بدات بۆ ئەوەی هاندانی فێرکردن لەلای زیاتر بێت، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان فێربوونی فێرخواز بە ڕێگەی ئامێرەکانی فێرکردن و فێربوون هەر تەنها بەخۆی هەیە (جري، 2010، لا 60).

ڕای توێژەر لەسەر ڕۆڵی فێرخواز لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاریدا، پێویستە فێرخواز بگاتە ڕاستی و دروستی زانست و زانیاری تایبەت بە بابەت، بە تایبەت لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا، فێرخواز پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئامرازی فێرکاری بەکاربهێنێت، چونکە فێرخواز لەسەردەمی زانیاری و تەکنەلۆژیای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆدێرن و پێشکەوتوودایە، بەرپرسیار دەبێت لە فێربوونی خۆی و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئامراز و ئامێرانەدا، لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانیان بۆ دەســـت گەیشـــتنی پەروەردەیی و زانیاری پێویست، تا فێرخواز ببێتە کەسێکی شیاو و پێشکەوتوو بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی.

### 4-1-1-2 پۆلین کردنی ئامرازی فێرکاری و جۆرەکانی

بێگومان هەریەك لە جۆرەکانی ئامرازی فێرکردن، کاریگەری گرنگی خۆیان لەســەر پرۆســەی فێربوون و فێرکردن هەیە، ئەو پێشـــکەوتنە تەکنەلۆژییەی ئەم ســـەردەمە بەخۆیەوە دەبینێت، بووە هۆی زۆربوونی هۆیەکانی پەیوەندیکردن، بە جۆرێك زانین و ژماردنی ئەم ئامرازانە کارێکی ئاســـان نییە، مەگەر لە رێی پۆلینکردنی بۆ چەند کۆمەڵەیەکەوە، کە هەر کۆمەڵە و کۆمەڵێك لە ئامرازەکان لە خۆدەگرێت.

بەناوبانگترین ئەو پۆلێنانەش کە بۆ ئامرازی فێرکاری کراوە ئەمانەن:

### 4-1-1-2 -1پۆلینکردن لەسەر بنەمای هەستەوەرە بەکارهێنەرەکان

ئامرازەکانی فێرکاری لەسەر بنەمای هەستەوەرە بەکارهێنەرەکان دابەش دەکرێت بۆ سێ جۆر بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- ئامرازە بینراوەکان: هەموو ئامرازەکان بەرێگەی تەنها هەستی بینینەوە بەکاری دەهێنێت، وەك وێنە و رەمزی وێنەگرتن و رەسم و نەخشە و فیلمە بێ دەنگ وجوڵاوەکان و کۆمپیوتەر.

2- ئامرازە بیستراوەکان: هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کە بۆ وەرگرتن بەرێگەی هەستی بیستنەوە بەستراوە، وەکو زمانی بیستراو و تۆمارکراوەکانی دەنگی و رادیۆیی قوتابخانە.

3- ئامرازە بینراو و بیستراوەکان: هەموو ئامرازەکان کە بۆ وەرگرتن بە هەستی بینین و بیستن دەگرێتەوە، وەکو تیڤی فێرکردن و فیلمە فێرکارییەکان و شریتە بە دەنگەکان(جاسم، 2014،لا65).

### 4-1-1-2 -2 پۆلێنکردن لەسەر بنەمای ژمارەی سوودمەندان

ئامرازەکانی فێرکاری لەسەر بنەمای ژمارەی سوودمەندان دابەش دەکرێت بۆ سێ جۆر بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئامرازە تاکەکانی فێرکردن: تاك بەکاری دەهێنێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ، وەکو وێنە و بەرنامەکانی کۆمپیوتەر و مایکروسکۆبی تیکەڵ، یان ئەلکترۆنی لە دیدی تاکەوە ئەنجامە کاریگەرەکانی فێربوون بەدەست دێنێت، لەو شوێنەی رێگە بە فێرکار دەدات مامەڵەی راستەوخۆ بکات لەگەڵ ئامرازەکاندا و فێری ببێت، بەڵام ئەم جۆرە رێگەیە کاریگەری زۆری نابێت لە ژمارەیەکی زۆر فێرخواز لەیەك کاتدا، بەتایبەتی لە وڵاتە هەژارەکاندا، چونکە پێویستە کەرەستە و ئامێر و ئامرازەکان بۆ هەر تاکێك بە تەنها دابین بکرێت، ئەمە تێچوویەکی زۆری تێدەچێت بۆ ئاستی مەحاڵ (أحمد، 2008، لا24).
2- ئامرازە بە کۆمەڵەکان: بۆ فێرکردنی کۆمەڵێك فێرخواز لەیەك کات وشوێندا بەکاردەهێنرێت، زۆربەی ئامرازەکانی فێرکاری لەم جۆرەن، وەکو نەخشە و وێنە لکێنراوەکان و فیلمە جوڵاوەکان و کۆبوونەوەی تیقیەکانی داخراو، هەروەها پێشانگەکان و مۆزەخانە زانستییەکان و تۆماری دەنگی و گەشتی زانستی و هیدیکە.
3- ئامرازە جەماوەرییەکان: ژمارەیەکی زۆر لە شوێنی جیاواز لەیەك کاتدا بەکاری دەهێنن، وەکو بەرنامەی رادیۆ و بەرنامەی تەلەفزیۆن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و هیدیکە، ئەگەر پرۆگرامی پەروەردەیی یەکخراو پێشکەش بکرێت، کە خزمەت بە پەروەردە و دامەزراوە پەروەردەییەکان بکات، دەتوانرێت ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵك سوودی لێوەربگرن لە هەموو تەمەنەکان و لە ناوچە جیاوازەکاندا (الخطیب، 2013، لا 25).

### 2-1-1-4 -3 پۆلینکردنی ئامرازی فێرکاری بە گوێرەی پلەی تەکنەلۆژیا

ئامرازی فێرکاری لەگەڵ داهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەم پەیژەی تەکنەلۆژیایەش دابەش دەکرێت بۆ چەند بەشێك:
1- ئامرازی ئاسانکراو: ئەم ئامرازانە پێویستیان بە ئامێر و ئامرازی ئەلیکترۆنی یان موگناتیسی نییە، پشت بە ماددە ژینگەییە ناوخۆییەکان دەبەستن، وەکو نمونەکان.
2- ئامرازی مامناوەند: تەکنەلۆژیا پێگەیەکی مامناوەند لە رووی پێشکەوتن داگیردەکات، وەکو پانێڵی کارەبایی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ئامرازی تەکنەلۆژیای ئاڵۆز: مەبەست لە ئالۆز، واتە پێویستی بە توانای ماددی بەرز هەیە، رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بواری پەروەردە و فێرکردن، وەکو تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و ئایپاد و داتاشۆ و سمارت بۆرد و ئامێری ئەوفەرهێد (العزاوی، 2009 ،لا242).

## 2-1-1-4 -4 پۆلینکردنی ئامرازی فێرکاری بە گوێرەی پەروەردەی چاودێریکراو

ئامرازەکانی فێرکاری بە گوێرەی پەروەردەی چاودێریکراو دابەش دەکرێت بۆ:

1- سەردانیکردن و گەڕان لەنێو قوتابخانەدا، پێشاندانی هەندێك لە ئەزموونی پراکتیکی پێشکەش بە فێرخوازان دەکات، وەکو بردنی فێرخوازان بۆ باخچەی قوتابخانە و نیشاندانی خاك و پێکهاتەکانی.

2- فێرخوازان دەچنە دەرەوەی قوتابخانە، بۆ فێربوونی ئەزموون وەکو سەردانیکردن بۆ دەزگاکانی کەشناسی، پێوانەکردنی باران و شێ و پلەی گەرمی و پێوەری ئاڕاستەی با و خێرایی با، وە هەروەها سەردانیکردن بۆ پێشانگەکان و شوێنەوارەکان، وەکو سەردانیکردن بەنێو سروشتی چیا و دۆل و دەشتەکاندا.

3- سەیرکردنی بەرنامە پەروەردەیی و رۆشنبیری و تەندروستییەکان، هەروەها سەیرکردنی فیلمی ئەنیمەیشنی پەروەردەیی.

4- گوێگرتن لە هەندێك دەنگ و تۆمارەکان و وێنە و فیلمی جێگیر و نەخشەکان (نبهان، 2003، لا 134).

## 2-1-1-4-5 پۆلینکردنی ئامرازی فێرکاری بە پێی رێگەی بەرهەمهێنانیان:

ئامرازەکانی فێرکاری بە پێی رێگەی بەرهەمهێنانیان بۆ دوو بەش دابەش دەکرێن:

1- ئامرازەکانی بەشێوەی ئالی: ئەو ئامێرە فێرکارییانە دەگرێتەوە، کە بەرهەمدێن بە پشتبەستن بە ئامێرە ئالییەکان، وەکو چاپکراوە شەفافەکان و شریتی ڤیدیۆ و وێنەی فۆتۆگرافەر و بەرنامەی کۆمپیوتەر و شتی دیکە، ئەم جۆرە ئامرازی فێرکارییە بە ئاسانی و خێرای بەرهەم دەهێنرێت، جگە لە دروستی و کارامەیی لە کارکردندا ، بەڵام تێچووی زۆرە بە تایبەت ئەگەر تێکچونێك هەبێت لە ئامێرەکاندا.

2- ئەو ئامێرانەی بە دەست بەرهەمدێن: هەموو ئامێر و بابەتەکانی فێرکردن لەخۆ دەگرێت، ئەوانەی مامۆستا یان فێرخواز، یاخوود هەر کەسێك بەرێگەی دەستی بەرهەمی دەهێنێت، وەکو نەخشە و تابلۆ و نموونە و وێنەکان و پەیکەرەکان (الطيطي واخرون، 2008، لا23).
ڕای توێژەر لەسەر ئەم جۆرە ئامرازی فێرکارییە ئەوەیە تێچووی کەمە و ڕێگە بە فێرخواز دەدات کە شارەزای لە ئامرازەکان و خولیای ئارەزوومەندی بە دەستبهێنێت.

### 2-1-1-5 قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری

مامۆستا پێویستە لەکاتی ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاریدا بەچەند قۆناغێکدا ئامادەکاری ئەنجام بدات، کە مەبەستی گەیاندنی زانیارییە بۆ فێرخواز بەباشترین شێواز، هەروەك لە لایەن هەریەك لە (العزة،2010، لا62) و (صبری، 2009، لا169) و (عبدالمقصود و الحداد، 2014، لا25) ئاماژەیان بە قۆناغەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری داوە، گرنگتریان ئەمانەن:

**1- قۆناغی ئامادەکردن**

ئەم قۆناغە لەقۆناغە سەرەکییەکانی ئامرازی فێرکارییە، کاریگەری لەسەر ئەو ئەنجامانە دەبێت کە بەدەست دێن، لەگەڵ ئامانجەکانی دیکە کە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی دەدریت، ئامێرێك دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆك و تایبەتمەندی و لایەنە لاوازەکانی بزانریت، هەروەها تێستی دەکریت، لەگەڵ دارِشتنی پلانی جێبەجێکردنی ئەم ئامێرە.

**2- قۆناغی دانانی نەخشەی کارکردن**

پێویستە مامۆستا بۆ خودی خۆی پلانی کارکردن سەبارەت بە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو ئامێرانەی دایناوە دابنێت، مامۆستا پلان دادەنێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیار و کێشانەی لە چوارچێوەی وانەکەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دواتر پلانی بۆ چۆنییەتی پێشکەش کردنی ئەو چالاکیانەی کە فێرخواز ئەنجامی دەدات دادەنێت.

**3- قۆناغی ئامادەکردنی فێرخوازان و کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ فێرکردن**

بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ مامۆستا فێرخوازان ئامادە دەکات، مامۆستا گفتوگۆیەك لەگەڵ فێرخوازان ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر ئەو ئامێرەی بەکاری دەهێنێت پێیان بدات، وایان لێ بکات

بەخۆشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك و کاردانەوە لەگەڵ ئامێرەکە.

**4- قۆناغی ئامادەکاری بۆ شوێن:**

پێویستە لەسەر مامۆستا ئامادەکاری بۆ شوێنێکی گونجاو بکات، کە هاوکارە بۆ سوود وەگرتن لە ئامرازی فێرکاری، بۆ نموونە هەڵدەستێت بە جوانکردنی ژووری تایبەت بە نمایشی رووناکی تایبەت و لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکان دیار دەبێت، یان رێکوپێککردنی ئەو شوێنانەی فێرخوازان لەسەری دادەنیشن، بۆئەوەی هەست بەجۆرێك لە گۆرانکاری بکەن و ناخیان بووروژێنێت، ئەم کارانە دەبێتە هۆی ئەوەی بوارێکی گونجاو برەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی فێرکردن و کاردانەوەی زیاتر.

**5- قۆناغی بەکارهێنان**

رۆڵی مامۆستا لە چوارچێوەی ئەو شێوازەی بەکاری دەهێنێت لە بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکانی فێرکردندا هەیە، ئاستی بەشداریکردنی فێرخوازان بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆئەوەی شارەزایی پێویست بە دەستبهێنن.

**6-1-1-2 تایبەتمەندییەکانی ئامرازەکانی فێرکردنی گونجاو:**

هەر یەك لە (سەلامە، 2007, لا 67) و (العزه،2010، لا60) و (الحیلة، 2000، لا 52) و ئاماژەیان بە هەندێك لە تایبەتمەندییەکان داوە، کە وا لەئامرازەکانی فێرکردن دەکات گونجاو بێت بۆ رەوشی خوێندن، لەوانە:

**1ـ بەشەوقکردن:** پێویستە ئەم فاکتەرە لەگەڵ ئامرازەکە هەبێت، چونکە فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی، ئامانجی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکردن، ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوونە بە شێوەیەکی گشتی، بڵاوکردنەوەی فاکتەری بەشەوقکردن هەرچەندە رێگەی زیاتر بەکاربهێنرێت بەرهەمە پەرەوەردەیەکەشی زیاتر دەبێت، هەروەها سەرنجی فێرخوازان رادەکێشێت و رێ لە دروستبوونی ئاڵۆزی و خۆخەریکردن بەشتی لاوەکی دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا فێرخواز لە بێزاری دوور دەکاتەوە و وای لێ دەکات رووی لەوانەکە بێت بەبێی هیچ دوودڵی یان بێزارییەك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2ـ گونجاوی:** مەبەست لە گونجاوی ئامرازەکانی فێرکردنە بۆ ئاستی زمانەوانی فێرخواز و زانیاری و کاردانەوە و جەستەیی، کە گونجاو بێت بۆ فێرخواز و شارەزاییەکانی پێشوی و ئاستی گەشەسەندنی، هەروەها ئامێر و ئامرازەکە گرنگ بێت بۆ ژینگەی قوتابخانە و کۆمەڵایەتی و گونجاو بێت لەگەڵ پرۆگرامەکان و جۆری بابەتی خوێندن، کە ئامێر و ئامرازەکە بۆی بەکاردێت.

**3ـ ڕێکخستن:** نابێت ئامرازی فێرکردن بە شێوەیەکی ئالۆز و تێکەڵ پێشکەش بکات، چونکە پەرش و بڵاوی دروست دەکات، پێویستە بابەتەکە لە شتی ئاسانەوە بۆ گران نمایش بکرێت و لەگشتیەوە بۆ بەش، چونکە ئەمە زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئامێر و ئامرازەکە، ئەمە بۆ هەموو ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن راستە و دەکەوێتە چوارچێوەی ڕێکخستن و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزکاری و نزیکبوون لە روونی دەنگ و نووسین.

**4ـ ڕاستگۆیی و وردی و هەمئاهەنگی و ئەمان:** راستگۆیی لە پێدانی زانیارییەکی ناو ئامێر و ئامرازەکە، پاڵنەرە بۆ فێرخواز کە بڕوای پێبکات و نابێت زانیاری هەڵە نمایش بکرێت، ئەمە پێویستە لەسەر دیزاینەر و بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر جەخت لەسەر راست و دروستی زانیارییەکان بکەنەوە پێش بەکارهێنانیان، هەروەها وردی لەزانیارییەکان و لە بەرهەمهێنان لەبەر چاوبگیرێت.

**5ـ واقیعی:** کەواتە دەبێت ئامرازی فێرکردن دەربڕین بکات لەو واقیعەی کە هەیە، بۆ نموونە تابلۆیەك نمایش ناکرێت کە دەربڕین لەوەرزی بەهار بکات و زەویش سەوز نەبێت، هەروەها پێویستە ماددە ژینگەییەکان هەبێت کە لە ئامێرەکەدا نمایش دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر پێی وایە تایبەتمەندی ئامرازی فێرکاری گونجاو دەبێت بە شێوەیەك بەکاربێت، کە تەنها ئامانجی پەروەردەیی بپێکێت و هیچ لایەنێك بەجێ نەهێڵێت لە دڵ و دەروونی فێرخوازدا، کە ببێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری نەرێنی.

**2-1-1-6 فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی فێرکاری**

چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، لە کاتی دەستنیشانکردنی ئامرازی فێرکاری هەریەك لە (سەلامە، 2008، لا 69) و (عبدالمقصود و الحداد، 2014، لا26) پێیان وایە کە ژمارەیەك لە فاکتەری کاریگەر لەسەر دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی فێرکردن هەیە، بریتین لە:

1- شێوازی خوێندن: ئەو مامۆستایەی یەك شێواز بۆ وتنەوەی وانەکەی بەکاری دەهێنێت، بەسەر خۆی دەسەپێنێت کە هەریەك لە ئامرازەکانی فێرکردنیش بەکاربێنێت.
2- جۆری کاری پێویست و ئەداکەی: کەواتە ئاستی ئامانجی مامۆستا دیار دەکات لەناو پلانی وانەکە و پێویستە لەسەر فێرخوازان بە دەستی بێنن.
3- تایبەتمەندییەکانی فێرخوازان: بریتین لە تایبەتمەندییەکانی جەستەیی ( کەسانی ئاسایی- پەککەوتوو- جۆری پەککەوتووەکە و ئاسایی)، تایبەتمەندی زانیارییەکان.
4- توانا ماددی و هونەرییە بەردەستەکان: مەبەست لە بینای قوتابخانە و هۆڵەکانی نمایشکاری و بەردەستبوونی ئامێرەکان و توانا ماددییەکانە، بۆ کڕینی شتەکان و تەکنیك بۆ دروستکردنی شت.
5- ئاراستەکانی مامۆستا و کارامەییەکانی: ئاستی حەزی مامۆستا لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن و ئاستی تواناکانی بۆ رەفتارکردن لەگەڵی و باشترکردنی بەسەر ئامرازەکانی دیکە، پێویستە لەسەر مامۆستا بەشێوەیەکی بابەتیانە ئەو ئامرازانە هەڵبژێرێت کە بەگونجاوترینی دەبینێت.

### 2-1-2 جوگرافیا

### 1-2-1-2 چەمکی جوگرافیا

جوگرافیا زاراوەیەکی (ئیغریقی) کۆنی یۆنانیە، لە وشەی (geo) بە واتای زەوی و وشەی (graphic) بە واتای وەسفکردن هاتووە، هەردووکیان پێکەوە بە واتای وەسف کردن و لێکۆڵینەوەی زەوی و دیاردەکانی و کۆمەڵەی خۆر و ئەستێرەکان دێت (الجوهری، 1980، لا15).

جوگرافیا لە تایبەتمەندییەکانی زانستییە و بە بەردەوامی پێشکەوتووە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دیکەی زانستی و تەکنەلۆژیا، دەرئەنجامیش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی مرۆڤ، بووە بە هۆی گواستنەوەی جوگرافیا لە بواری وەسفکردن بۆ بواری جێبەجێکردن لە چوارچێوەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکاندا (مصلح، 2010، لا28).

چەندین بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی زانستی جوگرافیا، زانایان و بیرمەندان هەریەکەیان بە شێوەیەك پێناسەیان کردووە، (السماك، 2008) پێناسەی جوگرافیای کردووە کە بریتییە لەو زانستەی لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەکۆڵێتەوە، پەیوەندی نێوان دیاردەکان رێك دەخات و کاریگەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاردەکان لەسەر یەکتری لە کاتی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشان دەدات (السماك، 2008، لا11)، بە بیروبۆچونی (حمدان، 1986) جوگرافیا زانستی گەردوونە بە هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانییەوە و لەدیاردە سروشتی و مرۆیی و ئابووری و فەلەکی و ئیداری و سیاسی و دەریاوانی و ئۆقیانۆسی...تاد دەکۆڵێتەوە (حمدان، 1986، لا 67). هەروەها زانستێکە چەند زانستێکی دیکە لەخۆ دەگرێت، جەخت دەکات لەسەر لێکۆڵینەوەی دیاردە سروشتییەکان و دیاردە مرۆییەکان وەک بەشێک لە جیاوازی نێوان شوێنێک و شوێنێکی دیکە (سهاونە و الاخرون، 2004، لا 15). زانستی جوگرافیا لقێکە لە لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دەدات بە باسکردن و شیکردنەوەی سەرجەم دیاردە سروشتی و مرۆیەکانی سەر ڕووی زەوی، لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەو دیاردانە دەکۆڵێتەوە (محمد، 2013، لا 129).

### 2-2-1-2 گرنگی بابەتی جوگرافیا

لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، دانانی هەر بابەتێك کۆمەڵێك ئامانجی دیارکراوی هەیە، گرنگترینیان بریتییە لە وەرگرتنی زانیاری و راستی و دروستی دەربارەی ئەم بابەتە، هەروەها فێرکردنی فێرخواز بە کارامەیی و بیرکردنەوەی لە پێناو گەڕان بەدوای ڕاستی و دروستی زانیارییەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین بابەتی جوگرافیا یەکێکە لەو بابەتانەی کە گرنگ و پێویستە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، چونکە جوگرافیا وەکو زانستەکانی دیکە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان و بینینی دیاردە سروشتیەکان و بڕیاردان لەسەریان پێویست دەکات لەسەر فێرخوازان، بەم هۆیەشەوە کار دەکات لەسەر گەشەپێدانی کەسایەتی فێرخواز بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان و بیرۆکەکان و لێهاتوییەکان و بیردۆزەکان (الجاسم، 2014، لا31).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر پێی وایە گرنگی زانستی جوگرافیا لەوەدایە، کە مرۆڤ رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕێکخستنی جیهانی دەوروبەری خۆی و پێشخستنی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ژینگە کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە جیهان دەکات، زانستی جوگرافیا پەیوەستە بە مرۆڤەوە، لە چوارچێوەی ئەو کارانەی کە مێشکی مرۆڤ لە هەموو کاژێرێکدا سەرقاڵ دەکات، هەروەها پێویستە مرۆڤیش بە بەرهەمی زانستی جوگرافیاوە پەیوەست بێت، رۆڵێکی روون و ئاشکرای هەبێت لەسەر گەشەپێدانی توانا عەقڵییەکان و دروستکردنی ئاڕاستە راست و دروستەکان و بەرەوپێشخستنیان لە ئێستا و داهاتوودا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-2-1-2 ئامانجی خوێندنی جوگرافیا**

جوگرافیا یەکێکە لە لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لە نزیکەوە پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەوە هەیە، بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداری لە کەسایەتی فێرخوازدا دەکات، سەرنج خستنە سەر گەشەی رۆحی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کارامەیی بنەڕەتی، هەروەها رەوتە پۆزەتیڤەکانی نێوان فێرخوازان، هەروەک لەلایەن (فؤاد، 2004، لا214) و (شلبی، 1997، لا48) بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو:

1- وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە جوگرافیا لەلایەن فێرخوازەوە.

2- یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ زانینی دیاردەی سروشتی و مرۆیی.

3- گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و هەستکردنی کۆمەڵایەتی.

4- هاوکارە بۆ گەشەکردنی بیر و عەقڵی جیهانی.

5- گەشەکردنی سیفات و ئاڕاستەکان، کە کاریگەرە لەسەر ژیانی فێرخواز.

6- گەشەکردنی توانای بیرکردنەوەی فێرخوازان بۆ دابەشکردنی دیاردە جوگرافییە جیاوازەکان لەسەر رووی زەوی.

**4-2-1-2 بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە خوێندنی بابەتی جوگرافیادا**

بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەفێرکردندا بەشێوەیەکی گشتی و بابەتی جوگرافیا بە تایبەتی، یەکێکە لەبابەتە سەرەکییەکانی فێرکردن بەگشتی و ئەم مەبەستە دەپێکێت، کە مامۆستا ئامانجیەتی (هادی، 2005، لا43).

بابەتی جوگرافیا لەهەموو بابەتەکانی دیکە زیاتر هونەر و تەکنیکی هاوچەرخ لەکاتی خوێندنیدا بەکاردەهێنێت، جێگرەوە و نەخشە و جەستە و کەرتەکانی بازنەیی و دەستنووس و تێکستی مێژوویی و هیتر، کە بۆ ئامادەکردنی کات و هەوڵێکی ماددی زۆری دەویست، هەروەها راستییەکان ئاسان دەکات و نزیکە لە واقیع، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە نابینرێن، یان تێبینی ناکرێن بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەروەها هاوکارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کاردانەوەی کەسێتی، لەگەڵ بابەتی زانستی و پرۆگرامەکان و فێرخواز بەرپا دەکات، بۆیە دەکرێت ئامرازی فێرکاری بۆ روونکردنەوەی زانیاری و چەمکەکانی جوگرافیا بەکاربێت (Bailly,2002,p23-25).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر یەك لە (الطفيلي، 2015، لا67)و ( نەشوان، 2004، لا17) و (الدويري، 2014, لا401)، ئاماژە بەو رۆڵە دەدەن کە ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا بەدی دەکرێت، گرنگترینیان:

1- توانایەکی باشی فەراهەمکراوە بۆ پێشخستنی پرۆگرام و پەرتووك و شێوازی خوێندن، دەکرێت پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەی رەسمی فێرکاری و ڤیدیۆ و کۆنفرانس و تیڤی فێرکاری نمایش بکرێن.

2- هاوکارە بۆ پلاندانەرانی فێرکرن و مامۆستایان، بۆ دیزاینکردنێکی کاریگەر و گونجاو ئەویش بە رێگەی بەکارهێنانی شێوازی سیستەماتیکی، کە مەواقیفی خوێندن وەکو یەك سیستەمی تەواوکاری دەبینێت.

3- باشترکردنی فێرکردن و فێرکاری و چارەسەکردنی کێشەکانی و فێرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەفێرخوازان، بە رێگەی پێشکەشکردنی شارەزایی و مەواقیفی بەدیل لە شارەزایی، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بە ئامێری هاوچەرخی وەکو سینەما و تیڤی و ڤیدیۆ و کۆمپیۆتەر و ئەنتەرنێت.

4- بەرجەستەکردنی زانیاری رێکوپێکراو بە رێگەی رەسم و وێنەی جوڵاو و دەنگەوە، هەروەها توانای پێگەیشتن و پێدانی نموونەیی هەیە لەگەڵ خودی فێرخوازدا، تەکنیك هەستی فێرخوازان دەورژێنێت و سەرنجیان بۆ لای فێربوون رادەکێشێت، هەروەها کاتی فێرکردنیش کەم دەکات.

5- فێرکردنی خود، یان تاك تاکی، بۆئەوەی تواناکانی فێرخوازان بەدی بکرێت، لەگەڵ بوونی فێربوونێکی کاردانەوەیی بە رێگەی گفتوگۆیەکی فێرکاری، لەگەڵ بەرنامە فێرکارییەکانی دیکە.

6- بایەخ و گرنگیدانی فێرخوازان سەبارەت بەوەی کە دەیخوێنن، دەیانورژێنێت و مەیلیان بۆ خوێندن زیاد دەکات، پرۆگرامی باش و گونجاوی فێرکردن بۆ وانە و ئاستی فێرخوازان، ئەگەر بەشێوەیەکی راست و دروست پەیڕەو بکرێت، ئەوا وا دەکات سەرنجی فێرخواز بە بەردەوام لەسەر وانە بێت، مەیلیش بۆ خوێندن نوێ دەکاتەوە و بواری زیاتر دەرەخسێنێت کە فێرخواز خۆی بە تامەزرۆ و حەزەوە تێدا ببینێت.

7- وا لەخوێندن دەکات خێرا و بەسوودتر بێت و کاریگەریشی زیاتر بێت، ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە فێرخوازان زووتر و خێراتر فێردەبن، ئەگەر تەکنیکی فێرکاری بە شێوەیەکی راست و دروست لەکاتی پرۆسەی فێرکردندا بەکاربهێنرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8- جێگەی شارەزایی راستەوخۆ دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەبارەت بە رووداوێکی رابردوو بێت، یان ژیانی خەڵکی وڵاتێکی دواکەتوو بێت.
9- هاوکارە لەروونی و تێگەیشتن، بە تایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکان، دواتر هاوکارە بۆ روونی و ئاسانکردنی زۆرێك لە تیۆرەکان و مانا و تێگەیشتنیان.
10- هاوکارە بۆ هێنانی واقیعی ژیان بۆناو بەشەکانی وانە، هەروەها هاوکارە بۆ تەرکیزی فێرخواز و سەرنجی و هاندانی بۆ وەرگرتنی زانیاری و کۆکردنەوەیان بە ئاسانی.
11- هاوکارە بۆ گەشەسەندنی هێزی تێبینکردن لەلایەن فێرخوازانەوە و تواناکانیان بۆ وردی و سەرنجدان و رەخنە و بەراوردکردن، هەروەها خەیاڵ و حەزیان دەورژێنێت بۆ فێربوون و شارەزایی نوێیان پێدەدات.
12- چارەسەرکردنی کێشەی کەمی مامۆستا و ئامێر و سەرچاوەکانی خوێندن بە رێگەی پێشکەش کردنی وانەی نموونەیی، ئەمەش بە رێگەی ئامێرەکانی فێرکردنی جەماوەری، وەکو تیڤی و ئەنتەرنێت و تۆڕەکانی کۆمپیۆتەر.

بە تێروانینی توێژەر ئەم چەند خاڵەی سەرەوە، بەکارهێنانی ئامرازی فێرکردن لە خوێندنی بابەتی جوگرافیادا، سەرکەوتن لە چەندین بوار بە دەست دەهێنێت و پرۆسەی خوێندنی جوگرافیا خۆش و بە شەوق دەکات، ئەمەش بەهۆی نمایشکردنی بابەتەکانی جوگرافیا و کۆکردنەوەی زانیاری و داتای جۆراوجۆر لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ دەنگە کاریگەرەکان و فیلمە ڤیدیۆییەکان زیاتر سەرنجی فێرخواز رادەکێشیت، هەروەها تێگەیشتنی بۆ دیاردەی جوگرافیا زیاتر دەکات، وەکو بەریەککەوتنی دیاردە جوگرافییە جۆراوجۆرەکان، کە بەزەحمەت دیراسە بکرێن، بەهۆی ئەوەی گەیشتنیان بە زەحمەتە، یان مەترسیدارە، یان دوورن لەو ژینگەی فێرخواز تێدایە، بۆ نموونە چاودێریکردنی شەو و رۆژ و هەرچوار وەرزەکە، هەروەها بومەلەرزە و گڕکانەکان، و شوێنە شکاوەکان و فاکتەرەکانی لەناوچونی زەوی و خۆڵ و چۆنیەتی دروستبوونی شەپۆلی دەریا و لافاو و گێژاو و زریانەکان و جوڵەی هەوا و رەوشی کەشوهەوا، هەروەها زانینی کێشەکانی ژینگە و توانا بۆ بەراوردکردنی پراکتیکی بۆ خوێندنی بابەتی جوگرافیا و زۆرێکی دیکە لە دیاردەکانی جوگرافیا، کە ئامرازی فێرکاری روونی دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:

### 2-2-1 توێژینەوەی پێشووی دەربارەی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری بڕوانە خشتەی ژمارە (1)

خشتەی (1) ڕوونکردنەوەی توێژینەوەی پێشووی دەربارەی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر.

| ژ | توێژەرو ساڵ و شوێن | ئامانجی توێژینەوە | ڕێباز و ئامراز | نموونەی توێژینەوە | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عصيدة (1996) | توێژینەوەیە زانینی ئەو بەربەستانەیە کە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری کەمدەکاتەوە لە خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکان لە باکووری ڕۆژئاوای فەڵەستین | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 130مامۆستا نێرو مێ | هیچ جیاوازییەك نییە لە نێو مامۆستایان لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەڕووی ڕەگەز |
| 2 | عودة (2002) | زانینی ئەو بەربەستانەیە کە ڕێگرن لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە وانەی بیرکاریدا | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 395مامۆستا نێرو مێ | هیچ جیاوازییەك نییە لە بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە ڕووی جیاوازی ڕەگەز جیاوازی هەیە لەڕووی ئاستی زانستی مامۆستایانی بیرکاری لە بەرژەوەندی مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس. |
| 3 | جاسم (2014) | زانینی ئەو بەربەستانەی لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە وانەوتنەوەی بابەتی | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 73مامۆستا نێرو مێ 70 بەڕێوەبەر | ئەو بەربەستانەی دێتە بەردەم بەکارهێنانیئامرازی فێرکاری پلەی مامناوەیندە، وە جیاوازی هەیە لەبەربەستەکانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | جوگرافیادا لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی پەروەردەی زەرقائی دووەم | | | بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەڕوی جیاوازی پلەی زانستی مامۆستا |
| 4 | رسن 2020 ) | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاریی جۆراوجۆرە لە ڕوانگەی مامۆستایانی جوگرافیا، | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 930مامۆستا نێرومێ | جیاوازی هەیە لە وەڵامدانەوەی مامۆستایانی کۆمەڵایەتی لە فۆرمی ڕاپرسی لە ڕووی ڕەگەزو پسپۆری |

## 3- ڕێبازی توێژینەوەو ڕێکارەکانی

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوە:

تـــوێژەر بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئامانجـــەکانی توێژینـــەوە پشـــتی بەســـتووە بـــە ڕێبـــازی وەســـفی شـــیکاری چونکـــە لەگـــەڵ سروشـــتی توێژینەوەکـــە گونجـــاوە، لـــە ڕیگـــەی کۆکردنـــەوەی داتـــاو شکردنەوەی ئەنجامەکان.

### 2-3کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوە:

تـــوێژەر هەســـتا بـــەدیاریکردنی کۆمـــەڵگای توێژینەوەکـــەی کـــە بریتییـــە لـــە ســـەرجەمی مامۆســـتایانی قۆنـــاغی بنـــەڕەتی لـــە بابـــەتی زانســـتە کۆمەڵایەتییـــەکان- جوگرافیـــا لـــە ناوەنـــدی پارێزگـــای هـــەولێر بـــۆ ســـاڵی خوێنـــدنی 2022-2021 کـــە پێکهـــاتوون لـــە (991) مامۆســـتا لـــە هـــەردوو ڕەگـــەز (نێـــر= 280) وە (مـــێ=711)، دوای دەستنیشـــانکردنی کۆمـــەڵگای توێژینەوەکـــە تـــوێژەر هەســـتا بـــە دیـــاریکردنی نموونـــەی توێژینەوەکـــەی بـــە شـــێوەیەکی هەرەمـــەکی کـــە پێکهـــاتبوون لـــە (150) مامۆســـتای بابـــەتی زانســـتە کۆمەڵایەتییـــەکان-جوگرافیـــا لـــە هـــەردوو ڕەگەز (نێر =62) وە (مێ=88)، بۆ ساڵی خوێندنی 2022-2021.

### 3-3 ئامرازەکانی توێژینەوە:

بـە هـۆی سروشـتی تـوێژینەوەکەوە، تـوێژەر بەشـێوەیەکی بنەرەتـی پشـتی بەسـتووە بە ئـامرازی راپرسـی بـۆ پێوانـەکردنی گۆڕاوەکـانی تـوێژینەوەکە، کـە خـۆی دەبینێـتەوە لە راپرسـی مامۆسـتایانی جوگرافیـا- کۆمەلایـەتی بـۆ زانینـی بەربەسـتەکانی بەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لە بابەتی جوگرافیادا.

### 4-3 ئامادەکردنی پێوەری بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری:

### 1-4-3 دیاریکردنی ئامانج لە ئامادەکردنی پێوەر:

تـوێژەر هەسـتا بـە دیـاریکردنی پێـوەری بەربەسـتەکانی بەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لە بـابەتی جوگرافیـاد، وە ئامـانج لـە ئامـادەکردنی ئـەم پێـوەرەش بەمەبەسـتی زانینـی ئاراسـتەی مامۆستایانە دەربارەی بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا.

### 2-4-3 دیاریکردنی برگەکانی پێوەر:

پـاش گەڕانـەوەی تـوێژەر بـۆ ئـەدەبیات و توێژینـەوەکانی پێشـوو وە ئـەو سـەرچاوە زانسـتیانەی کـە پەیوەنـدیان بـە بـە پێکهاتـە و تایبەتمەنـدی نموونـەی توێژینەوەکـە هەیـە، تـوێژەر هەسـتا بـە دیـاریکردنی برگـەکانی پێوەرەکـە بـە گەڕانـەوە بـۆ ئـەم توێژینەوانـە: (سـلیم، 1996) وە (جاسـم، 2014) وە (الطفیلـی، 2015)، وە بڕگـەکان دیـاریکران کـە پێکهـاتبوون لـە (60) برگە بەشێوەی سەرەتایی.

### -3-4-3 ڕاستگۆیی پێوەر:

دوای ئامـادەکردنی پێـوەری بەربەسـتەکانی بەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لە بـابەتی جوگرافیـادا ، بـە مەبەسـتی ڕاسـتی و دروسـتی بڕگـەکان و ڕاسـتگۆیی پێوەرەکـە، تـوێژەر خستیە بـەر دەسـتی ژمارەیـەك لـە دادوەر و پسـپۆری تایبـەت بـەو بـوارە. بـۆ زانینـی گونجـاوی بڕگـەکانی پێوەرەکـەو دروسـتی لـە داڕشـتنی هـەر بڕگەیـەك، پـاش وەرگرتنـی بۆچوونیـان دەربـارەی تـەواوی پێوەرەکـە، لـە ژێـر ڕۆشـنایی بۆچـوون و تێبینیـەکانیان تـوێژەر هەسـتا بـە شـیکردنەوەی وەڵامـەکانیان و ڕێکخسـتنەوەی زمانـەوانی و واتـایی هـەر بڕگەیـەك کـە تێبینیـان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسـەر هـەبووە، وە تـوێژەر پشـتی بەسـت بـە ڕێـژەی هـاوڕابوون (90%) کـەزیاتر لـەنێوان پسـپۆراندا ڕێپێـدراوە بـۆ بڕگـەکانی پێـوەرو گونجـانی، بـەم شـێوەیە پسـپۆران هـاوڕابوون لەسەر مانەوەی سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە کە (60) بڕگەیە.

### 3-4-4 جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی ڕاپرسی (العینة الاستطلاعیة):

دوای ئامـادەکردنی بڕگـەکانی پێـوەر، تـوێژەر پێوەرەکـەی جێبـەجێکرد لەسـەر نموونـەی ڕاپرسـی کـە پێکهـاتبوو لـە (80) مامۆسـتا لـە هـەردوو ڕەگـەز لـە بەشـێك لـە قوتابخانـەکانی قۆناغی بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگای هەولێر، لە ماوەی (5-2022/2/15).

### 3-4-5-شـیکردنەوەی ئامـاری بـۆ بڕگـەکانی پێـوەری بەربەسـتەکانی بەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا:

**أ- هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەر:**

پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان توێژەر هەستا بەئەنجامدانی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخسـتنی نمرەکـان و ڕیزبەنـدکردنیان بـە شـێوەی بـۆ خـوارەوەیی، واتـا لـە بـەرزەوە بـۆ نزم.

2- وەرگرتنـی (27%) فۆرمـەکان بـۆ بـەرزترین نمـرە کـە کۆمەڵـەی بـەرز دەنـوێنێ، وە وەرگرتنـی (27%) فۆرمەکان بۆ نزمترین نمرە کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنێ.

پاشـان دابەشـکردنیان بـۆ سـێ چـین، چینـی یەکـەم بـەرزترین ئاسـت (27% جـارانی 100) بکرێـت=27، وە هـەمان ڕێکـاری بـۆ کۆمەڵـەی نـزم، وە بـەهاو بـەهاکانی دیکـەش لـە جیاکارییـەکانی بڕگـەکان پشـتگوێ خـران. بـەم شـێوەیە (27) مامۆسـتا لەکۆمەڵـەی بـەرزو (27) مامۆستا لە کۆمەڵەی نزم وەرگیران کە کۆی هەردوو کۆمەڵە دەکاتە (54) مامۆستا.

3- تـوێژە تاقیکردنـەوەی تـائی (t. test) بـەکارهێنا بـۆ هـەردوو نموونـەی سـەربەخۆ بـۆ زانینـی جیـاوازی نێـوان ناوەنـدە ژمێرییـەکان بـۆ نمـرەی هـەردوو کۆمەڵـەی بـەرزو نزمـی وەبـۆ هـەر بڕگەیەك لە بڕگەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاش دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جیاکاری دەردەکەوێت کە بەهای تائی بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (0.861 – 12.302)، بەپشت بەستن بەم ئەنجامە ئەگەر بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك لە ئاستی (0.05)بەرزتربێت ئەوا توێژەر بەبڕگەیەکی جیاوازی داناوەو لایبردووە، سەرجەم بڕگەکان بەهاداری ئاماری بوون، جگە لە هەریەك لە بڕگەکانی (3، 11، 17، 25، 31، 34، 37، 46، 50، 52، 53، 58، 60) کە بەهای (Sig) هەریەکەیان گەورەتربوو لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05). بەم شێوەیە دوای شیکردنەوە ئامارییەکان بۆ بڕگەکان پێوەر پێکهات لە (47) بڕگە.

**ب- ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی:**

پاش بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پیرسون لەنێوان نمرەی گشتی هەر بڕگەیەك لەگەڵ بڕگەکانی ترو لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە، دەردەکەوێت کە گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهاداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0.01) و (0.05)، بەشێوەیەك کە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەستبوون دەکەوێتە نێوان (0.632-0.327) بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك، وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامی دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی و ڕاستگۆییان هەیە، بەم شێوەیە پێوەری بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهات لە (47) بڕگە.

**6-4-3 جێگیری پێوەر:**

**أ- ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:**

توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان (20) مامۆستا بوو لەهەردوو ڕەگەز، لەچەند قوتابخانەیەکی جیاواز، پاشان هەستا بەدووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان نموونە دوای (14) ڕۆژ، دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکانی پێوەرەکە، وە هاوکۆلکەی بەیەکبەستنەوەی (پیرسۆن) ی بەکارهێنا بۆ دڵنیابوون لەجێگری پێوەرەکە، کە هاوکۆلکەی جێگیری نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتی بوو لە (0.949)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بە گریمانەی Sig (0.00). ئەمە مانای ئەوەیە کە هاوکۆڵکەی بەیەکبەستنەوەکە بەهادارە و پێوەرەکە بەڕادەیەکی بەرز جێگیرە.

**ب- هاوکێشەی ئەلفا – کرونباخ : (Cronbach's Alpha )**

دوای ئەوەی توێژەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی مامۆستایان جێبەجێکرد، دەرکەوت کە جێگیری تاقیکردنەوە بریتییە لە (0.960). ئەمەش جێگیریەکی بەرزو گونجاوە.

## 5-3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ یەك نموونە: بەکارهێنراوە بۆ بەراووردکردنی ناوەندە ژمێری.
- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەز و هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەر.
- هاوکێشەی جی کۆپەر ( J. CooperFormula): بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان.
- هاوکێشەی پەیوەستبوونی پیرسون: بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و جێگیری فۆرم بەکارهاتووە.
- هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ ( α Cronbach Alpha): بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا
- هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان (Statistical Package for Social Siences )

## 4- دەرخستنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان:

توێژەر لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەڵدەستیت بە خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە ڕێگەی ئامرازی ڕاپرسییەوە بەدەست هاتوون.

## 4-1مەحەکی پشتپێبەستراو بۆ توێژینەوەکە:

بۆ دیاریکردنی مەحەکی پشتپێبەستراو بۆ توێژینەوەکە، پاشان دیاریکردنی درێژی خانەکە بۆ پێوەری لیکارتی پێنجی توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ژماردنی مەوداکە بەوەی گەورەترین بەها بچووکترین بەهای لێ دەردەکرێت (5 – 1=4).
- پاشان دابەشکردنی ئەنجامی بەدەستهاتوو (4) بەسەر گەورەترین بەهای پێوەرەکە (5)
4 ÷ 5= 0.80 (مەودای چینەکە)
- پاشان زیادکردنی ئەو بەهایە (0.80) بۆ سەر بچووکترین بەهای پێوەرەکە =(1 بۆ 1.80)
وە بۆ بەدەستهێنانی مەودای چینی دووەم و چینەکانی تر هەمان ڕێگا دەگیرێتەبەر وەکو لەخشتەی (2) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (2) ئاستی مەحەکی بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا**

| مەودای خانەکان | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|
| 1.80 – 1 | %36 - %20 | زۆر لاوازە |
| 2.60 – 1.81 | %52 - %36 | لاوازە |
| 3.40 – 2.61 | %68 - %52 | ناوەندە |
| 4.20 – 3.41 | %84 - %68 | بەرزە |
| 5 – 4.21 | %100 - %84 | زۆر بەرزە |

**2-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:**

**1-2-4 بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە؟** بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەری بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا کە لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە ( 3) ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و ئاست

| پێوەر | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە | 3.866 | 0.211 | بەرزە |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی خشتەی (3) کە توێژەر بەدەستی گەیشتووە، دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێری یەکسانە (3.866) بە لادانی پێوەری (0.211)، لە ئاستێکی بەرزدایە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاراستەیەکی بەرز هەیە لەبەردەم بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری لەبابەتی جوگرافیا لای مامۆستایانی قۆناى بنەڕەتی، ئەنجامی ئەم پرسیارە هاوڕایە لەگەڵ (عصيدة، 1996) و(جاسم، 2014) وەتوێژینەوەی (عودة،2002).

**2-2-4 گریمانەی سفری یەکەم/ هیچ جیاوازیەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ).**

بە مەبەستی پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ڕەگەزی، هەروەك لە خشتەی (4) خراونەتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (4) خستنە ڕووی ئەنجامی t. test بۆ جیاوازی ڕەگەزی لە بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا**

| ڕەگەز | | ن | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | t | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری | نێر | 62 | 3.795 | 0.028 | 2.941 | 0.088 |
| | مێ | 88 | 3.915 | 0.019 | | |

چونکە ( Sig.> 0.05 ) .

بەسەیر کردن لەخشتەی (4) دەردەکەوێت کە کۆی گشتی ئەنجامی (t-test) زانینی بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لەبابەتی جوگرافیادا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر لەسەربنچینەی جیاوازی ڕەگەز بەم جۆرەیە، ناوەندی ژمێری ڕەگەزی نێر بریتیە لە (3.795) بەرامبەر ناوەندی ژمێری بۆ ڕەگەزی مێ کە بریتیە لە (3.915) کە جیاوازیەکی کەم هەیە لەڕووی ناوەندی ژمێری هەردوو ڕەگەز ئەویش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرژەوەنـدی رەگـەزی نێـر، بۆزیـاتر دڵنیـابوون سـەیری بەهـای تـائی هەژمـارکراو(t) بـۆ کـــۆمەڵەکە بـــریتیە لە (2.941) وە بەنرخـــی ئەگەری (sig) کە بـــریتیە لە (0.088) کە گەورەتـرە لە هەڵەی رێپێـدراوی ئامـاری (0.05)، بـۆیە جیـاوازی بەهـاداری ئامـاری نـیە لە زانینـی بـەربـەسـتەکـانی بـەکارهێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لـەبابـەتـی جوگرافیـادا لـەقوتابخانـە بنـەڕەتیـەکـان لـە شـاری هـەولێـر دا لەسـەر بنەمـای جیـاوازی رەگەز، بـۆیە گریمـانەی سـفری وەردەگـرین، گریمـانەی جێگـرەوە رەتـدەکەینەوە چـونگە رەگەز کـاریگەری نـیە لە سـەر بـەربـەستەکـانی بـەکار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لـەبابـەتـی جوگرافیـادا، ئەنجـامی تـوێژینەوەکە هـاوڕایە لەگەڵ هەریـەکە لە ئەنجـامی تـوێژینەوەکەی (خزاعلـة، 1982) وتـوێژینەوەی (عـودة، 2002)، مامۆسـتایان بە شـێوەێکی گشـتی لە هەردوو رەگەزی (نێرومـێ) ئاسـتی زانیـاری وزانسـتیان باشـە دەربـارەی بـەربـەسـتەکـانی بـەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لـەبابـەتـی جوگرافیادا.

**3-2-4 گریمانـەی سـفری دووەم: هـیچ جیاوازیـەکی بـەهاداری ئامـاری نیـە لـە ئاسـتی (0.05) لـە بەربەسـتەکانی بەکـار هێنـانی ئـامرازی فێرکـاری لە بـابەتی جوگرافیـادا لـە قۆنـاغی بنـەڕەتی بۆ گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم – بەکالۆریوس – ماستەر بەسەرەوە).**

بە مەبەستی پشکنینی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی نێوان سێ ناوەندەژمێری لە گۆڕاوی تەمەن بەمەبەستی زانینی جیاوازی بڕوانامە لە بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری ، هەروەك لە خشتەی (5) داتا و ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو:

**خشتەی ( 5) شیکردنەوەی ANOVA بۆ کاریگەری بڕوانامە لە بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری**

| بەربەستەکانی بەکار هێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا | بڕوانامە | ن | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای F | ئەگەری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دبلۆم | 41 | 3.846 | 0.031 | 6.526 | 0.002 |
| | بەکالۆریوس | 105 | 3.859 | 0.020 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماستەر بەسەرەوە | 4 | 4.228 | 0.066 | | |

* بەهادارە چونکە ( Sig.< 0.05 ).

بەپێی خشتەی (5) بۆمان ڕوون دەبێتەوەکە بەشێوەیەکی گشتی کۆی گشتی ناوەندی ژمێری لەسەر بنەمای جیاوازی بڕوانامە بۆ دبلۆم بریتیە لە (3.846)، وە ناوەندی ژمیری بەکالۆریۆس بریتیە لە (3.859) وەناوەندەژمێری ماستەر بەسەرەوە بریتیە لە (4.228) لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمیری لەسەربنەمای بڕوانامە، لە بەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەدایە کە بڕوانامەی ماستەر بەسەرەوەیان هەیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئایا ئەو جیاوازیەی هەیە بەهاداری ئاماریە یاخود نا ئەوا بە سەیرکردن لە بەهای (F) هە ژمارکراو کە بریتیە لە (6.526) وە بەنرخی ئەگەری (Sig) بریتیە لە (0.002) کە بچوکترە لە هەڵەی ڕێپێدراوی ئاماری (0.05) بۆیە ئەو جیاوازیەی کە هەیە لەسەر بنەمای بڕوانامەی مامۆستایان جیاوازیەکی بەهاداری ئاماریە، واتا گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە گریمانەی جێگرەوەوەردەگرین بەمەش واتا بڕوانامە کاریگەری هەیە لەسەر بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەبابەتی جوگرافیادا لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر، توێژەر هۆکاری ئەنجامەکە دەداتە پاڵ ئەوەی کە جیاوازی هەیە لەڕووی بڕوانامەوە لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری هەولێر بەشێوەیەك بەشێك لەمامۆستایان بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، بەشێکیشیان بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەشێکیش بڕوانامەی ماستەر بەسەرەوەیان هەیە، بۆیە ئەمەش وای کردووە کە ئاستی زانستیان دەربارەی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەبابەتی جوگرافیادا جیاواز بێت.

## 5 - دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار

### 1-5 پوختەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێربوونی هەیە بە پلەیەکی بەرز.

2-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەئاستی (0.05) بۆ زانینی ناوەندەژمێری لە بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەسەر بنەمایی جیاوازی ڕەگەز(نێر-مێ) واتا ڕەگەزی مامۆستایان کاریگەری نییە لە سەر بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ئەنجامەکان دەریان خست کەوا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) بۆ زانینی ناوەندەژمێری لە بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەسەر بنەمایی جیاوازی بڕوانامە (دبلۆم- بەکالۆریۆس-ماستەر بەسەرەوە)لەبەرژەوەندی ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی ماستەر بەسەرەوەیان هەیە بەشێوەیەک بەربەستەکان کاریگەریان کەمترە لەسەر ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی ماستەر بەسەرەوەیان هەیە.

### 5 -2 ڕاسپاردەکان:

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات:

1- هاندانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیادا بۆ دەستەبەرکردنی حەز و توانا و پێداویستی و شێوازەکانی فێربوونی فێرخوازان.

2- ڕاهێنانی مامۆستایانی جوگرافیا لەقوتابخانەکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەڕێگای خولْ ئاراستەکردن، بۆ ئاشناکردنیان لەچۆنیتی بەکارهێنانی  ئامرازەکان بەتایبەت ئامرازەفێرکارییە پێشکەوتوەکان و ئەلکترۆنیەکان.

3-تەرخانکردنی بودجەی تایبەت، لەلایەنی پەیوەندیدار بۆ بەردەست بونی ئامرازی فێرکاری جۆراو جۆر لەقوتابخانەکاندا.

### 3-5 پێشنیارەکان:

دوای تەواوکردنی ئەو هەوڵانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، دەتوانرێت پێشنیازبکرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیا لە داهاتوودا، لەوانە:

1 - ئەنجامدانی توێژینەوەکانی پەیوەست بەبەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لەبابەتی جوگرافیادا، وەچۆنیەتی پلاندانانی و جێبەجێکردنی و هەمەجۆرکردنی ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانیان لەلایەن مامۆستاوە، وەهەروەها بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری خوێنەر بەرامبەر گرنگی ئامرازی فێرکاری لەکرداری فێرکردن و فێربووندا.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتی جوگرافیا لەسەر گۆڕاوەپاشکۆکانی تر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-3 ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەربەربەستەکانی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری لە بابەتەجیاوازەکانی خوێندن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوە و ژێدەرە کوردییەکان**

-1 رسول، ابراهیم رسول (2017)، پێوانەو هەلسەنگاندنی پەروەردەی، چ 1، بازاری زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، هەولێر.

-2 رسول، ابراهیم رسول (2014)، دەروازەیەك بۆ وانە وتنەوە، چ 1، بازاری زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، هەولێر .

-3 نیعمت، جواد (2012)، هونەری وانە وتنەوە، وەرگێرانی :جمیل قادر عبدالله، چ 1، چاپەمەنی هەلەبجەی شەهید.

-4 سیرینی، سیروان عبدالله (2021)، ئاستەنگەکانی بەردەم دارِشتنی سیاسەتە پەروەردەییەکان و ستراتیژیەتی جێبەجێکردنیان، ژمارەی سپاردن، بەغداد - عیراق.

**دووەم : سەرچاوە و ژێدەرە عەرەبیەکان**

-5 أحمد، نافز ايوب (2008)، معوقات الاستخدام الوسائل التعليمية في المدارس الحكومية من وجه النظر المديرين و المعلمين، جامعة القدس المفتوحة التعليمية، منطقة سلفيت – فلسطين.

-6 جاسم، مرتضى سعيد (2014 )، معيقات استخدام الوسائل التعليمية في تدريس مادة الجغرافيا من وجهة نظر معلميها ومديري المدارس في مديرية تربية الزرقاء الثانية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة آل البيت، الأردن.

-7 جري، خضير عباس (2010)، التقنيات التربوية تطورها – تصنيفاتها – انواعها – أتجاهاتها، الطبعة الاولي، مكتبة التربية الاساسية، بغداد - عراق.

-8 الجوهري، يسري (1980)، الجغرافيا المنهج والتطبيق، دار الجامعات المصرية، الإسكندرية - مصر.

-9 حمدان، محمد ( 1986)، تقيم المنهج معالجة شاملة لمفاهيمه وعماله وطرقه، دار التربية الحديثة، عمان- الاردن.

-10 الحيلة، محمد محمود (2000)، تكنولوجيا التعليم بين النضرية والتطبيق، ط2، دار المسيرة للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر.

-11 الحيلة، محمد محمود (2001)، أساسيات التصميم وإنتاج الوسائل التعليمية، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع عمان - الاردن.

-12 الحيلة، محمد محمود (1998)، تكنولوجيا التعليم بين النضرية والتطبيق، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن

-13 الخطيب، لطفي (2013)، تكنولوجيا التعليم والتعلم الذاتي، داروائل للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.

-14 رسن، أحمد نعمه (2020)، معوقات الاستخدام الوسائل التعليمية المتنوعة من وجه نظر معلمي المواد الإجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، مجلة كلية تربية، جامعة واسط، العدد التاسع والثلاثون، الجزء الاول.

-15 زيتون، كمال عبدالحميد (2003)، التدريس نماذجه و مهاراته، ط1، دار عالم الكتب، كلية التربية بدمنهور - جامعة الأسكندرية ، مصر.

16- سلامة،عبد الحافظ (2008), تصميم الوسائل التعليمية وأنتاجها، ط1، دار اليازوري للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
17- سلامة، عبد الحافظ (2007 )، الوسائل التعليمية والمنهج، ط 5، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان الأردن.
18- السماك، محمد أزهر سعيد (2008)، مناهج البحث الجغرافي بمنضور معاصربين المنهج العام المناهج التخصصات الفرعية، ط1، مطبعة جامعة الموصل، العراق .
19- سهاونة، فوزي، وموسي سمحة و حسن سلامةو حسن أبوسمور وعلي غانم وعبدالفتاح لطفي (2004)، مدخل الي الجغرافيا، ط2، دار الوائل للنشر، عمان، الاردن.
20- سويدان، أمل عبدالفتاح، والجزار، منى محمد (2007)، تكنولوجيا التعليم لذوى الحاجات الخاصة، ط1، عمان – الاردن.
21- شلبي، أحمد ( 1997)، تدريس الجغرافيا في التعليم العام، الطبعة الاولي، الدار العربية للكتاب القاهرة - مصر.
22- صالح، بدرعبداللة (1985)، الحواس المؤشرة في استخدام للوسائل بكليات التربية في الجامعات المملكة العربية السعودية، المجلة العربية للبحوث التربوية المجلد السادس، العدد الثاني، الكويت.
23- صبري، ماهر اسماعيل (2009)، من الوسائل التعليمية الي تكنولوجيا التعليم، الجزئين الاولي والثاني، جميع حقوق المحفوضة، الرياض – السعودية.
24- الطفيلي، حسين علي مهدي (2015)، معيقات الاستخدام الوسائل التعليمية في تدريس مادة الجغرافيا للمرحلةالأساسية العليا من وجة نظر معلميها في محافظة الكرك، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مؤتة، الاردن.
25- عبدالمقصود،علي فوزي، والحداد،عطية سالم (2014)، الوسائل التعليمية وتكنولوجيا التعليم، مؤسسة شباب الجامعة للناشر، الاسكندرية، مصر.
26- العزاوي، رحيم يونس ( 2009)، المناهج والطرائق التدريس، الطبعة الاولي، دار الدجلة، عمان - الاردن .
27- العزة، سعيد حسني (2010)، الوسائل التعليمية والتكنولوجيا المساعدة، ط 1، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.
28- عصيدة، مصطفي سليم (1996)، معيقات الاستخدام الوسائل التعليمية في تدريس منهاج اللإجتماعيات للمرحلة الأساسية في المدارس الحكومية في المنطقة شمال الصغة الغربية من وجه نظر معلمي هذه المرحلة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، كلية العلوم التربوية، نابلس، فلسطين.
29- العنزي، عبيدعياد (2008)، درجة استخدام معلمي الجغرافيا في مدارس المرحلة المتوسطة للتقنيات التعليمية في مدينة الرياض في المملكة العربية السعودية من وجهة نظر المعلمين والمشرفين التربويين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مؤتة-السعودية.
30- عودة، احمد جميل أحمد (2002)، معيقات الاستخدام الوسائل التعليمية من وجه نضر معلمي الرياضيات للمرحلة الأساسية في المدارس الحكومية في محافضة نابلس، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا قسم العلوم الإنسانية، نابلس، فلسطين.
31- فؤاد، عبد اللطيف (2004)، الجغرافية التربوية، الطبعة الاولي، عالم الكتب، القاهره – مصر.
32- الكلوب، بشير(1993)، التكنولوجيا في العملية التعلم والتعليم، ط2، دار الشروق، عمان - الاردن.
33- الكيومية، زهرة بنت خليفة بن علي (2010)، العوائق التي تحول دون استخدام معلمي الدراسات الاجتماعية للوسائل التعليمية في منطقة الباطنة شمال بسلطنة عمان، رسائل ماجستير غير منشورة جامعة مؤتة، الأردن.
34- محمد ، تهاني خليل (2013)، إثراء وحدة في الجغرافيا بأهداف التربية المائية و أثرها في تنمية الوعي المائي لدى طالبات الصف التاسع الأساسي، قسم المناهج و طرق التدريس، كلية التربية، الجامعة الإسلامية، غزة – فلسطين.
35- مصلح، نسيم نصر خميس(2010). تقويم منهاج الجغرافيا في المرحلة الأساسية العليا في ضوء بعض الاتجاهات العالمية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الإسلامية غزة.
36- نبهان، يحيي محمد (2008)، تقنيات التعلم والوسائل التعليمية، دار أيلة للنشر والتوزيع .

37- الهمايسة، محمد (1986)، الحواجز والمسهلات التي يتلقاها المعلم الثانية العامة في استخدام الوسائل التعليمية في عمان بالأردن، المجلة العربية للبحوث التربوية، العدد الاول، المجلد السابع، المنضمة العربية للتربية والثقافة والعلوم وحدة للبحوث التربوية العدد الاول، المجلد السابع، تونس ص 123-124.
38- الهادي، محمد محمد (2005)، تكنولوجيا الاتصالات وشبكات المعلومات، المكتبة الاكاديمية، القاهرة.
39- نبهان، يحي محمد (2003)، طرائق تدريس الاجتماعيات وتطبيقاتها العملية، دار اليافا للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
40- الطيطي، محمد والعزة، فراس وطويق، عبد الإله (2008 )، إنتاج وتصميم الوسائل التعليمية، عالم الثقافة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
41- الدويري، ميسون أحمد (2014)، أثر برنامج تعليمي محسوب قائم علي التعلم التعاوني في تحصيل طلبة الصف التاسع الأساسي في مادة الجغرافيا في اتجاهاتهم نحوها، دراسات في العلوم التربوية الجامعة الأردنية، عمان، المجلد 41، ملحق 1، 398-420.
42- نشوان، تيسير محمود (2004). واقع توافر استخدام تقنيات التعليم لأعضاء هيئة التدريس بجامعة الأقصي، مجلة جامعة الأقصي – غزة، المجلد 8، العدد2، حزيران .

**سەرچاوەو ژێدەرە بیانییەکان**

42- Baily, s, (2002)، Using the computer in middle school social students, the social students, 78 (1) ,23-25.
43- Clark, A. (2004). "Much to Learn about e. Learning" Audit's Learning, **The National Institute of Adult Continuing Education**, England, Vol. (10), No. (2), 141-158

# Barriers to the Use of Teaching Aids in Geography Subject in Primary Schools in Erbil City

**Jwan Mohsin Rashid**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Jwanmuhseen@gmail.com

**Asst. Prof. Hadeia Mohammed Ahmed**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hadeia.ahmed@su.edu.krd

***Keywords:*** *Primary School, Barriers, Learning Tools, Teacher, Subject of Geography*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract

The aim of this study is to investigate the barriers to the use of teaching aids in geography subject in primary schools in central Erbil, from the teachers' perspective. And to know their differences according to the (grinder, degree). The researcher used descriptive method and research community included all social worker and geography teachers in primary schools in central Erbil. The number of the teachers were (991) for the academic year (2021_2022). To achieve this goal, the researcher prepared a survey form for teachers. After ensuring the stability of the scale, the researcher implemented it on a sample of 150 teachers, 62 males and 88 females. After collecting the data and analyzing them, the researcher reached a statistical conclusion. As a result, the barriers to the use of teaching aids in primary schools in central Erbil in the subject of geography are high, there is no statistically significant difference at the level of (0.05) for the gender variable. And there is a statistically significant difference at the level of (0.05) for the qualification variable in favor of teachers with master’s degree or above.


## معوقات استخدام الوسائل التعليمية في مادة الجغرافية في المدارس الأساسية في مدينة أربيل


### ملخص

هدفت هذه الدراسة إلى التعرف على معوقات استخدام الوسائل التعليمية في مادة الجغرافية في المدارس الأساسية في مدينة أربيل، من وجه نظر المعلمين، والتعرف على الفروق حسب المتغير (الجنس، المؤهل العلمي). استخدمت الباحثة المنهج الوصفي لتناسبه مع صيغة البحث، ويتكون مجتمع البحث من جميع المعلمين لمادة الاجتماعيات – الجغرافية في المدارس الأساسية في مركز محافظة أربيل وعددهم (991) في السنة الدراسية (2022-2021). ولتحقيق أهداف الدراسة قامت الباحثة بإعداد استبيان للمعلمين، وبعد التأكد من ثبات الاستبيان تم توزيعه على عينة البحث المكونة من (150) معلماً، (62) من الذكور (88) من الإناث، بعد جمع المعلومات وتحصيلها توصلت الباحثة إلى أن مستوى معوقات استخدام الوسائل التعليمية في مادة الجغرافية مرتفع، ولا توجد فروق ذو دلالة إحصائية عند المستوى (0.05) لمتغير الجنس، وتوجد فروق ذو دلالة إحصائية عند المستوى (0.05) لمتغير المؤهل العلمي لصالح المعلمين صاحب شهادة الماجستير.